لێکۆڵینەوە

پرۆفیسۆر سوزان شیلینگلۆ

رۆمانی جۆن شتاینبک و: ”دەربارەی مشکان و پیاوان“



رۆمانی " دەربارەی مشکان و پیاوان" پۆرترێتی سەر سەدەفی نوێنەرێکی نموونەیی و باڵای قەڵەمڕەوی چینی کرێکارە

لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر

جۆن شتاینبێک لە ژیان و ڕۆمانەکانیشیدا ستایشی دۆستایەتی دەکرد و بەرز رای دەگرت. هەموو بەیانییەک بەر لەوەی دەست بە نووسین بکات، سەرومڕ نامەی بۆ هاوڕێکانی دەنووسی و ئەو هەموو کاغەزە قەبارە گەورە و ئەستورانەیش کە زۆربەیان هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە، نەخشەی روخسار و شەقڵی زیندەگانی و هونەرەکەی ئەو دەکێشن. دۆستی لە ناوازەترین کاری ئەودا جاویدترین پابەندبوون و وابەستەگییە و ئەو فاکتەشە کە بە مەحکەمی و پتەویی لە نێو ترادیسیۆنی بەردەوامی ئەو نووسەرە ئەمریکییانەدا جێگیری دەکات کە پیاو لەگەڵ پیاودا بە جووتە بۆ نێو سەرزەمینە کەشف نەکراوەکان دەنێرن. بەڵام لە بارەی هاوڕێیەتییەوە دیدی شتاینبێک کەمتر بەوە دیاری کراوە کە هەڵاتن بێت لە هاوسەرگیری و ماڵ و پێوەستبوون وەک لەوەی دۆزینەوەی مەرزەکانی کۆمەڵگە و خود بێت. شتاینبێک لە دەستپێکی یاداشتێکدا لە ساڵی ١٩٣٨دا نووسیویەتی دەڵێت: «لە هەموو پارچە نووسینێکی راستگۆیانەی دنیادا بابەتێکی سەرەکی و بنچینەیی هەیە. تەقەلای ئەوە بدەن لە مرۆڤ حاڵی بن، ئەگەر لە یەکتری تێ بگەن ئەوا بۆ یەکتری میهرەبان دەبن، بە باشی ناسینی مرۆڤ هەرگیز نابێتە هۆی رق و کینە بەڵکو بەردەوام دەبێتە هۆی خۆشەویستی. چەندەها مەبەستی بچووکتریش لە نووسیندا هەن. نووسین هەیە برەو بەگۆڕانکاری کۆمەڵگە دەدات. نووسین هەیە بێدادی و زوڵم و ستەم بە سزا دەگەیەنێت، هەشە تەعزیمی پاڵەوانگەرایی دەکات، بەڵام هەمیشە ئەو بابەتە سەرەکی و بنچینەییەی تێدایە. هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی لە یەکتری تێ بگەن. ئەم پەیڤانە شەقڵگیریی بە پیشە درێژخانەکەی ئەو دەبەخشن و بێ چەندوچوون لە گوتاری قبوولکردنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی ١٩٥٢شیدا رەنگ دەدەنەوە. گەورەیی و مەزنایەتی شتاینبێک وەکو نووسەرێک لەو هاوسۆزییەدا سەقامگیرە کە ئەو بۆ خەڵکی سادە و هەڕەمەکی.. بۆ تاق و تەنیایی و خۆشی و شادی و توورەیی و هێز و توانایان، بۆ پابەندبوونیان بە جێگە و شوینەکانەوە و تاسە و ئارەزووی بێ رادەیان بۆ زەویوزار، هەیبووە.« دەربارەی مشکان و پیاوان» و «هەراوزەنای کاننەری»[1]، رەنگە بەپێزترین کورتە رۆمانەکانی ئەوبن، کە لە دڵکێشی و برەو زۆر پەیداکردنیان قەرزاربارى توانا و بەهرەی شتاینبێکن لە رێکخستن و هەماهەنگکردنی ئەو پێکداچوون و ئاڵۆزکانەی بیرۆکە سەرەکییەکە هەر لە نێو رێزبەندیی ئەو پابەندبوونە هەمیشەییەی نێوان هاوڕێکان کە ئەویش خۆشەویستییە لە باڵاترین چڵەپۆپەیدا.

دەربڕینی ئەو گوزارشتە وەکو ئەوە وابوو کە خەتەرناکانە بە تەنیشت پەرتگای هەست و

سۆزدا هەنگاو بنێت، کە ئەوەیش حوکمدانێک بوو کە رەخنەکاران فرە و پەیدەرپەی رووارووی شتاینبێکیان دەکردەوە، ئیدمۆند ویڵسن، کە یەکێکیان بوو، لە وتارێکی ساڵی ١٩٤٠یدا ئەوەی راگەیاند کە کاراکتەرەکانی نووسەر زۆر زیاتر ئاژەڵ بوون وەک لەوەی مرۆڤ بن. ئەوەیش بیرورایەک بوو بە درێژاییی چەندین دەیە گیرایە بەر رەخنەگرە هاودژەکان کە رۆمانەکانی شتاینبێک لە ئاکامدا کۆمەڵە پەرچەکردارێکی زۆر جیاوازیان هێنایە کایەوە ـ جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆمەڵە پەرچەکردارێکی زۆر جیاوازیان هێنایە کایەوە ـ جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو هەست و سۆزانەی کە کارەکانی دەرخواستیان دەکرد زیادەڕەو و میلۆدراماتیکی بوون، لە راستیشدا بۆ ئەو کاراکتەرە بە ساکاریی وێنەکێشراوانەی ئەو گەلێک چروپڕ و توندوتیژ بوون. هەرچۆنێکیش بێت، ئەو هەستانەی کە لە نایابترین رۆمانی شتاینبێکدا خرۆشێنراوە و دانەدراون بە شێوازێکی بابەتییانەی توندوتۆڵ رکێف کراون و بەو وریایی و بەئاگابوونەی نووسەر دەربارەی تەنیایی راستەقینە و تراژیدیای ئەمریکییە بەش خوراوو بێدەرەتانەکان زاخاو دراون. بۆ خوێندنەوەی رۆمانی «دەربارەی مشکان و پیاوان» هەروەکو ئەوەی کە شتاینبێک مەبەستی بوو لە هزردا بە مەحکەمی پارێزگاری لە ناوونیشانە ئۆریژیناڵەکەی بکرێت، کە ئەویش: «ئەو شتەی کە رووی دا» بوو، ئەو دەستەواژەیەی کە تا بیر لەو قایلبوونە بێ حوکمدانە دەکات کە باشترین کاری ساڵانی١٩٣٠یەکان و سەرەتای ساڵانی١٩٤٠کانی ئەو مۆرزەدە دەکات. ئەوی راستی بێت شتاینبێک لە رۆمانەکەدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە شتەکان ئا بەم شێوەیەن، ئەو شێوەیەی خۆیشی بە تێفکرینێکی نا ئەنجامگەرا یاخۆ هەر تەنیا بە «تێفکرینێک» ناوزەدی کرد. زاراوەی نا- ئەنجامگەرانیش لەلایەن باشترین هاوڕێی شتاینبێک خۆیەوە داتاشرا ،کە ئەویش ئێدوارد. ئێف. ریکێتس بوو، هەروەکو چۆن ئەم دوو پیاوە فەلسەفەی هاوبەشی خۆیان بە روون و ئاشکرایی دەربڕی، ئاوهاش جەختیان لەسەر پێداویستی ئەوە کردەوە کە وەکو زانا پێویستە بە روون و ئاشکرایی شتەکان ببینن، کە ئەو بینینەیش قبووڵکردنی ژیانە پێ بەپێی هەلومەرجەکانی خۆی. «تێفکرینێک» کۆنسێنترەی لەسەر ئامانجەکان نەدەکرد بەڵکو کۆنسێنترەی لەسەر پرۆسەی خودی ژیان دەکرد، کۆنسێنترەی لەسەر ئارمانی کارکردی سروشتی ئەریستۆتالییانە دەکرد. کاتێ کە رۆمانی «دەربارەی مشکان پیاوان» دەخوێنینەوە، خواستە لە سەرمان کە دان بە حەتمییەتی ئەو بارودۆخەدا بنێین کە تێیدا دوو پیاو، هەریەکەو بە کەموکاستییەکی ناوازە و نەدارییەوە خۆ بە پەڕاوێزی جیهانێکی نابەخشندە و لێبووردن نەناسەوە هەڵدەواسن.

ئەمـە سـەربوردەیەکـە دەربارەی پابـەندبوون، تەنیـایی، ئـاواتەخـوازی و زەرەر و زیان و لەو هەقیـقـەتەشـەوە هێـزی خـۆی هەڵدەهێنجێ کـەوا ئەم راسـتـیـیـە جـیـهـانگیـرانە لە نێـو کۆنتێکستی واقیعیانەی دۆستایەتی و خـەونێکی هاوبەشدا بەرقـەرارن. هـەر وزە و توانای ئەو دۆستایەتییەشـە کە ئـەگەرچی راسـتەقینەشە، بـەڵام هـەر هێندە هـەست و سۆزدارە کە ئەم تێکستە ئێجگار هەست ئەنگێز و ئیلهامبەخشە بارگاوی دەکات.

رۆمـانی «دەربارەی مشکان و پیاوان» لە تریلۆجییەکەی «سێینە» شتاینبێکدا کتێبی ناوەڕاستە، کـە سـەبارەت بەکرێکاری کشتوکاڵییـە لە کالیفۆرنیادا. هـەر دەمودەست پاش تەواوکـردنی رۆمانی سـەرنجراکێشی خەبات و مـانگرتنی «لە شـەڕێکی گومـان ئامێزدا» لە سـەرەتای مـانگەکـانی سـاڵی ١٩٣٦دا دەسـتی بـەنووسـینی دەسـتنووسـەکـەی کـردو دەستبەجێیش بەر لە دەستپێکی پایزی ساڵی ١٩٣٦ و ئەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەی کە لە مـانگی ئازاری سـاڵی ١٩٣٩دا بوو بە هـەوێنی بەرهـەمـهێنان و چاپ و بڵاوکـردنەوەی رۆمـانی «هێشـووەکانی تووڕەیی»، کە جاویدانترین رۆمانێتی دەرهـەق بە ناوونیشانەکانی «بەهـەشتی ونبوو» و «سرووتی جـەنگی کۆماری»دا دەردەکەوێت، چەردە بەرپـەرچدانەوەیەکی داسـتـانین بۆ کێشـە و گرفتـە توندوتیـژەکانی کرێکاری مـەزرا لە کالیفۆرنیـادا، ئەو جێ و شـوێنەی کـە مـەزرا گـەورە و فـراوانەکـانی بۆ مـاوەیەکی درێژخـایەن پەیجـۆری کـۆمـەڵە کارگەرێکی وەرزی و گەڕۆکیان کردووە بۆ ئەوەی بەروبوومی وەرزەیی دروێنە و کۆ بکەنەوە. هـەروەکـو بیشـڵێیت مـەودا و تان و پۆی گرفت و ئاریشـەکـانی کارگـەرانی کالیـفۆرنیـا دەرخواستی زەمینەیەکی بێ هاوتای لەو بابەتە بکەن.

لە سـاڵانی ١٩٣٠یەکاندا کێشمەکێش و ناکۆکییـەکان لە نێوانی کاروباری بازرگانیی و کشتوکاڵیی هـەرێمـەکە و کارگەرە کشتوکاڵییە کەم دەرامـەت و چەوساوە و تەقریبەن ناچیز و پێـوارەکـاندا گـەلێک زیادیان کـرد. هـەر لە دەسـتـپـێکی ئـەو دەیەیەشـدا مـانگرتنەکـان هەڵگیـرسـان و سـەرۆکـەکانی کارگـەرە کۆمـۆنسـتـەکان بۆ ئۆرگانیزەکردنی کارگـەرەکان کـەوتنە کـار و جـمـوجـووڵ. لە سـاڵی ١٩٣٥یشـەوە تاوەکـو سـاڵی ١٩٤٠، دەربەدەر و سـورگومـەکانی باشووری خۆرئاوای قاتوقڕاوی موسـیبـەت زەدە هەڵڕژانە نێـو هـەرێمی زێڕینەوە، چونکە بـەو بیروبـاوەڕە ئەمریکییـە هـەر لە زمـانی زووەوە وەبەرگیـراوە کـارتێکراو بوون کـە دەیگوت خۆرئاوا سـەرزەمینی خێر و خۆشی و گفت پێ دراوە شوێنی سـەرلەنوێ دەست پێکردنـەوەیە و هـەروەها بە ئاواتێکی ئێجگار پتـەو و کـۆنکریتی ئیش پـەیداکردن لە

نێو بێشەڵانەکانی دارپرتەقاڵ و کێڵگەکانی کاهووەوە کارتێکراوبوون. پتریش لە ٣٥٠ هەزار کۆچبەری قاتوقڕی وشکەساڵی لە ئوکلاهۆما و ئارکانساس و تێکساسەوە لە ساڵانی ١٩٣٠یەکاندا بۆ کالیفۆرنیا هاتن و کاروباری بازرگانیی هەرێمەکەیش پێی نەدەکرا بە ئاسانی ئەو هەموو پەناهەندانە وەسەر ئیش بخات، هەتا لەسەر گەورەترینی ئەو پارچە زەوییانەیشدا نەدەکرا جێ بکرێتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری خۆراک و ئازووقەی سەرجەمی نەتەوەکەیان وەبەردەهێنا. بۆیە لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٣٠یەکانەوە هەتا ١٩٤٠ "کاتێ کە کرێکارگەلێکی بێ ئیش و کاری زۆر، لە پیشەسازی بەرهەمی بوژاوە و گەشەسەندوودا کەوتنە ئیش دەستەبەرکردن" کۆچبەرەکان بەبێ سرەوت و حەسانەوە بەسەروخواری هەرێمەکەدا جێگۆڕکێیان دەکرد، چونکە تامەزرۆی ئیشکردن بوون و چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بەروبوومەکان پێ بگەن. ئەوی راستیش بێت ساڵی ١٩٣٦ ئەو کاتە بوو کە گەلێک لە هاووڵاتییە نیشتەجێیە کالیفۆرنیاییەکان کەوتنە وەئاگاهاتنەوە لەو کێشە و گرفتە توندوتیژەی بە دەستیانەوە بوو: ئەو کێشەوگرفتە پێش هاتنی بە لێشاو و پەیتا پەیتای خانەوادە سپیپێستەکان بوو، کە ئەگەرچیش بێ رێوجێ و برسی و لێقەوماو بوون، بەڵام سەربەرز و شکۆداربوون.

ئەو کتێبەی کە شتاینبێک لەو ساڵەدا نووسی، هەرچۆنێک بێ، لە بارەی توانا و بەرهەڵستیکردنی دەستەبژێرە مولکدارەکانی کالیفۆرنیا نەبوو هەمبەر بەو هەڕەشە ئابوورییەی کە تازە هاتووەکان دەیاننواند، هەروەها لە بارەی پەناهەندەی هەرێمە قاتوقڕ و سیاساڵەکانیش نەبوو کە بارگە و بنە و هۆبەیان لە قەراخی رێگەکاندا، لە هووڤەرڤیلە قەرەباڵغەکاندا، لە ئۆردووگا پیس و چەپەڵەکاندا هەڵدابوو. چنگیان لە دەستپێکێکی نوێ گیر دەکرد. رۆمانی «دەربارەی مشکان و پیاوان» تا ئەندازەیەک تێکستێکی ئاناکرۆنیستیکە «هاودژ و نەگونجاوە لەگەڵ مێژوودا – وەرگێڕ» و پێ گوشاری لەسەر هونەرکارییەکەی خۆی دەکات، نەک لە سەر مێژوویی بوونی خۆی. شتاینبێک قەتاوقەت مێژوونووسێکی کۆمەڵایەتی راستەقینە نەبووە. بەڵکە خۆی بەدەست ئەنقەست هەریەکێ لە رۆمانەکانی ساڵانی ١٩٣٠یەکانی لە مێژوو دادەبڕێت و هاودژی لەگەڵدا دروست دەکات. ئەگەرچی ئەو خۆی لە رۆمانی «لە شەڕێکی گومانئامێز دا» بە مەبەستی ئەوەوە دەستی پێ کرد کە بەلایەنی کەمەوە «بەیۆگرافیای» ئەو کۆمۆنیستە هەڵاتووانە بنووسێت کە لە دەوروبەر و قەراخی دەریادا خۆیان حەشار و مەڵاس دابوو، بەڵام ئەمە بۆ داستانی پڕ لە کێشە و گرفتاری ئەو کەڵلەڕەقییەی مەزرادارەکان پەرەی سەند و دژ بەتین و تاو و

حەماسەتی ئایدیۆلۆجی و شپرزەبوون و هەژانی سایکۆلۆجی ریکخەرانی کریکاران قەرارگیر بوو ئەم رۆمانە بەرزەفڕ و راستگۆیە دەق ئەوە دەردەخات کە شتاینبێک بە «بەرجەستەکردنی بێلایەنی» خەبات و مانگرتنێک ناودێری کردووە هەر بەو چەشنەیش وەکو باشترین رۆمانی خەباتی پرۆلیتاریای سالانی ۱۹۳۰یەکان دەمێنێتەوە. رۆمانی «هێشووەکانی تووڕەیی»ش، کە بەرهەمی هەوڵ و کۆشش و لێکۆڵینەوەی «سێ سالی کۆمەڵێک دیمانە و کۆمەڵێک گەشت و سەردانییە بۆ سێنترال ڤالی کالیفۆرنیا وا کۆمەڵێک بەدواداچوون و خوێندنەوەی وردە و بە دیقەتی راپۆرتەکانی ئۆردووگای دەوڵەت و میری» یە، نەڕۆمانێکی واقیعگەرایانەیە و نە تۆماوێکی مێژووگەرایانەی سەردەم و رۆژگارێکە. نەخشەی ئازار و مەینەتی رۆژانەی ئەو هەژار و بێنەوایانە دەکێشێت وەکو ئەوەی سەنگووسووژێکی میتۆلۆجیانە بێت بۆ سەرزەمین و بەهەشتێکی عەدەنی، بۆ کۆمەڵگەیەکی هیوومانی. لەگەڵ ئەوەیشدا کە خوێنەران بەردەوام شتاینبێک بە قەرەوێڵەی پرۆکرەستیی(۲) ریالیزمەوە شەتەک دەدەن، وەلێ ئەو بە تەواویی پێ بەپێی ئەوە ناگونجێت. شتاینبێک، هەر بۆ نموونە، هەمەڕەنگیی ئێتنیکی کارگەران و هەروەها ئامادەبوونی ریکخەرانی کرێکارە ئافرەتەکانیش پێشێل دەکات، هەتا ئەگەر یەکێک لەوانە ئافرەتێکی جحێڵی بە توانا و پێداگری وەکو کارۆلاین دێکەریش بێت، کە رۆڵێکی زۆر گرینگی لە مانگرتنەکانی سەرەتای سالانی ۱۹۳۰یەکاندا بینی. لە راستیشدا، هەرسێ دەقەکە زۆر وریایانە و ئاگەدارانە سمبۆڵین وەکو لەوەی مێژوویی بن، هەروەکو شتاینبێک خۆیشی پەی پێ برد و دانی پیادانا. هەر بەر لە دەستپێکردنی رۆمانی «هێشووەکانی تووڕەیی»یش لە یاداشتنامەکەی خۆیدا بەپوختی بیروباوەڕە هونەرییەکەی خۆی دەربڕی. کە تێیدا دەڵێت:«نووسەری پێوەنددار، نابێ بە تەڵە و داوی ئایدیۆلۆجیا سیاسییەکانەوە گیربێت»:

کۆمۆنیستەکان ئەو ئەهریمەنانەن کە دەیانەوێت ئەو خانووە گەچکاری کراوە بچکۆلەیەی کارمەندی دووکانی بەقاڵییەک بدزن و ژنەکەی ئاراستە بکەن و منداڵەکانیشی بۆ کارگەی ساوایانی ویلایەتێک بدزن... پیشەسازگەراکانیش ئەو ئاژەڵە دڕندە دڵڕەق و چاوچنۆکە تەنگەستوورانەن کە چیژ و لەزەت لە بۆردوومانکردنی کارگەرانی خۆیان هەڵدەهێنجن. پرۆسەی پەکخستن و ئیفلیجکاریش زۆر بە باشی بەرەو پێشەوە دەچێت. لە ئیسپانیادا هەواداران و لایەنگرانی رژێم تفەنگەکان بە پەیکەری مەسیحەوە دەنێن و تەقەی لێ دەکەن، ئەگەر تۆ یاخیگەر و گەردنکەشێکیش بیت. ئەوا یاخیگەر و سەرکێشەکان گوللە بە منداڵ و ساوایانەوە دەنێن "ئەئاوایە ئیتر" بۆ تۆ. ئەگەر هەوادار و لایەنگری رژێم بیت. ئێستاکە

ئیتر فشار و گوشار خێراتر دەبێت. لەم حاڵ و بارەشدا هەندێ نووسەر لە پرۆسەکەوە دەگلێن. لە کۆمەککردنی کاریگەرانەی پرۆسەکەدا دەکەونە نووسین و کاتێکیش کە هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت ئەوسا ئیتر بە گێژوویژییەوە بۆ هۆش و ئاگایی دەگەڕێنەوە... بەڵام ئەوانی تر لە ڕۆخدا دەوەستن و لە هاوار و هەڵلا باستانییەکەی خۆیان بەردەوام دەبن. تێ بکۆشن بۆ ئەوەی لە یەکتری حاڵی بن. چونکە هەرگیز ناتوانن رقتان لە پیاوانێک بێت ئەگەر بە باشی بیانناسن. هەموو ئەمانەیش دواتر سەرکوت دەکرێن. ئا ئەمەیش ئەو پێشنیازە نییە کە ئیتر ئێوە لە دوایەمین رەوتگیری خۆتاندا پەیرەوی بکەن. ئێوە پەیرەوی ئەوە دەکەن، چونکە ئەوە پیشەتانە و ژیانیشتان لە بارەی ئا ئەوەوەیە.

لە رۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" شتاینبێک بێ چەندوچوون "لە رۆخدا دەوەستێ" و تا رادەیەک هەژموونی هونەریی خۆی بەوە وەدی دەهێنێت کە چیرۆکەکەی خۆی لە پشێوی و ئاشووبی سالانی ١٩٣٠یەکانی کرێکاران دادەبڕێ و سەردەمێکی کەم شپرزەتر و کەم وروژاوتر بەرجەستە دەکات کاتێک کە لانەوازە و بێدەرەتانەکان بەگشت لا و ئاقارێکی هەرێمەکەدا لە گەڕان و سووڕاندا بوون، کاتێک کە ئیش و کار لە کێڵگە بەرفراوانەکانی دانەوێڵە و باخ و بێستانەکاندا زۆروزەبەند بوون. هەر تەنیا لەوەدا کە شتاینبێک بە "شێوازێک بۆ گەمارۆدانێکی شمولی" و "دیواری پاشخان" ناودێری کردووە تێکست سەدای چرکەساتێکی مێژوویی بەرهەم دەهێنێت. هەر لە سالانی ١٨٧٠ کانەوە تاوەکو دەوروبەری سالی ١٩٣٠، بەروبوومی دانەوێڵە و میوەجاتی ناوچەیەکی گەورەی کالیفۆرنیا لەلایەن کارگەرە گەڕۆکەکانەوە درەو دەکران و دەچنرانەوە، کە زۆربەیان ئەو پیاوگەلە رەبەنانە بوون کە گەڕان و سووڕان بووبووە نەریت و خوویان. هەندێکیان پەتووی بچووکی لوولخواردو و یاخۆ کۆڵە پشتیان بەکۆڵەوە بوو، هەندێکیشیان بەبێ هیچ شتێک کە بیانپارێزێ هەر لە نێو درەختستانەکانی قەراخ جادەکاندا دەخەوتن. دەستمەزدەکان ناچیز و کەمبوون، جێسەقامەکانی ژیان پیس و پۆخڵ بوون، هەلی گۆڕان و بەرەوپێش چوونیش لە راستیدا هیچ بوونێکی نەبوو. هەتا بە ئیرادەترین و تمووحدارترین کرێکار ئاساییانە و هاکەزاییانە لەگەڵ نووچدان و سەرنەکەوتندا رووبەڕوو بووەوە و لە تاواندا کەوتە گەڕان و رەوکردن. توێژینەوەیەکیش بەو دەرەنجامە گەیشت کە لەسەدا بیست و پێنجی کارگەران توانای ئەقڵیان سست بوو بۆیە ناچار بوون بکەونە سەر رێگە و بانەکان. بوونیش بە کارمەندی مەزرا واتە بوون لە نێوان رەشورووتانی کالیفۆرنیادا، یانی برایەتییەکی بێ دەسەڵاتانە و سووک و ریسوایانە و دەستمەزد ناچیزانە. لێکۆڵەر

فرێدریک. س. میللز له یاداشتنامەیەکدا تێبینیی ئەوەی کردووە کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم نووسیویەتی و تێیدا دەڵێت: «ئەمە تاسە و ئارەزوویەکی بەردەوامە بۆ هاودەمێتی مرۆڤ، بۆ پەیداکردنی برادەر، کە ئەمەیش لە مابەینی چینی چەوساوەدا، لە میانی هاوسەرە بێبەریکراو و دەرکراوەکاندا، یاخۆ لە میانی ماڵباتەکاندا، یان لە میانی دەستەی برادەرە هاوسۆز و لایەنگرەکاندا، شتێکی فرە بەهێزە و ئەم دەرک و هەست پێکردنەیش تا رادەیەک هەر بە هۆی دامەزراوەی "هاوبەشەکان"ەوە دەتوانێ قایلبوون دەستەبەر بکات. زۆربەی هەرە زۆری پیاوانیش رقیان لەوەیە کە تاق و تەنیا بە رێگەکاندا هاموشۆ بکەن.» بوونی جودا کەوتوو و بێ رەگوریشەی پەڕەوازە و بێدەرەتانەکانیش ئەو مێژووەیە کە شتاینبێک بە دیاری دەخات.

بێگومان ئەو بەو تەنیاییەی کارگەرە هەژارەکان ئاشنا بوو. لە دایک بوو لە سالیناس، لە کالفۆرنیا، لە ساڵی ١٩٠٢دا، شتاینبێک لە یەکێک لە دەوڵەمەندترین دۆڵە کشتوکاڵییەکانی کالیفۆرنیادا گەورە بوو. کە تێیدا خاس و چەوەندەری شەکر و بڕۆکۆڵی و چەلیک بە زۆر و زەوەندی وەبەردەهێنران و «هەتاکو حاڵی حازریش هەر وەبەردەهێنرێن». کە لە قوتابخانەی دواناوەندی کۆلیژدا بوو لە نێو کێڵگەکاندا کاری دەکرد و رووەک و بەروبوومەکانی دەخستە پاکەتەوە، گوێی لە حیکایەتی کرێکاران دەگرت و قسە و گوتەکانی دەقۆزتنەوە. بۆ نزیکەی دوو ساڵی سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠ەکان و ئینجا پاش وازهێنانی لە زانکۆی ستانفۆرد، بە دۆڵەکانی کالیفۆرنیادا کەوتە گەشت و گەڕان و لەو مەزرایانەدا کاری پەیدا کرد کە موڵکی "سپرێکڵس شوگەر" بوون، سپرێکڵس شوگەریش ئەو کارخانەیە بوو کە زەویوزارێکی بێ حەد و پایانی لە سەرلەبەری دۆڵی سالیناسدا کۆنترۆڵ دەکرد. چەندین کرێکاری کارگەی سپرێکڵسی وەکو جۆرج و لێنی، بۆ هاریکاریکردن لە دروێنەکردن و چنینەوەی هەردوو بەروبوومی دانەوێڵە و چەوەنەری شەکریش لە مەزرایەکەوە بۆ مەزرایەکی تر دەنێردران "هەروەها، چەندینی وەکو جۆرج و لێنی، لە ئاژانسەکانی ئیشوکار پەیداکردنی هاوشێوەی مۆرەیی ئاند رێدیی سانفرانسیسکۆدا سۆراغی کاریان دەکرد." بێگومان، ئەو رووداوەی کە ئیلهامبەخشی رۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" بوو لە وانەیە لە یەکێک لەو مەزرایانەدا رووی دابێت. شتاینبێک کە خۆیشی لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠ کاندا وەکو کۆڵکێش کاری دەکرد، پیاوێکی شپرزە و گیروگرفتاویی بێ رادە زلحۆرتی بینیبوو کە سەرکاری مەزرایەکی کوشتبوو. لە ساڵی ١٩٣٧یشدا بە پەیامنێرێکی نیویۆرک تایمزی گوت: "لێنی کەسێکی راستەقینە بوو، تا

نهۆیش نیشتەجێی تیمارخانەیەکی شێتییە لە کالیفۆرنیادا. من خۆم بۆ چەندین هەفتە لەگەڵیدا ئیشم کرد. لێنی هیچ کچێکی نەکوشت، بەڵکو ئەو سەرکاری مەزرایەکی کوشت، لەبەر ئەوە پەست و شێتگیر بوو، چونکە سەرکارەکە ئاواڵەکەی ئەوی لە کار دەرکرد و بۆیە ئەویش رێک شەنەیەکی بە ورگیدا راکرد و کوشتی. دڵم نایەت ئەوەت پێ بڵێم کە چەند کەڕەت شەنەکەی بە ورگیدا کرد. من خۆم بینیم کە ئەوەی کرد. ئێمە نەمانتوانی رێی لێ بگرین هەتا ئەوکاتەی کە ئیتر کار لەکار ترازا بوو." ئەمە لەو چەشنە رووداوانە بوو کە شتاینبێک بۆ ئەوەی دواتر بەکاری بهێنێ هەڵی گرت و پاراستی، چونکە رووداوێکی زیندووی ئەوتۆ بوو کە خاوەنی دەلالەت و هێماگەلێکی بە مەودا و پانوپۆڕ بوو.

لە میانەی ئەو دەرزەنە ساڵەی شاگردێتییەکەی و ساڵانی کۆلێژییەوە هەتا ساڵانی ناوەڕاستی سییەکانی تەمەنی خۆی ئەو رووداوانەی تۆمار کرد و هەڵی گرتن. ئەو کاتەی کە هەمیشە بژێوی بە نووسین چنگ دەکەوت، نووسین دەربارەی کالیفۆرنیاییەکان و زەویوزارەکانیان، دەربارەی خەونی ماڵوحاڵی زامن و بەختەوەر لە رۆژئاوای بەهەشت ئاسای ئەو خەڵکە ساکار و عەوامەی کە هەردەم نوغرۆوداغان دەبوو.

وێڕای ئەوەیش کە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٣٠یەکاندا سێ رۆمانی بڵاو کردەوە ـ کووپی زێڕین ١٩٢٩، بۆ خوایەکی نەناسراو ١٩٣٣ و، پاوانەکانی بەهەشت ١٩٣٢ و باشترین کورتە چیرۆکەکانی خۆیشی نووسیی، بەڵام یەکەمین سەرکەوتنی دارایی و سامان دەستەبەرکردنی خۆی لە ساڵی ١٩٣٥ دا بە رۆمانی "تورتێیا فلات" بەدەست هێنا. بەم شێوەیە، بە هۆی کۆمەڵە حیکایەتێکی نائاساییەوە کە لە بارەی پەیزانۆکانی "جووتیارەکانی" مۆنتێرییەوە بوو کە پیشەیەکی سەرکەوتوو بۆ ئەو دەستی پێ کرد، حیکایەتەکانیش بەشێوە، گوزارشتێک گێڕدرانەوە کە لاسایی شێوازە ئیسپانییە خۆڕسکەکەی خۆیانیان دەکردەوە، ئەوسا تەمەنی سی و سێ ساڵان بوو، بۆ دوا پێنج ساڵی رابردووی ژیانی، خۆی و کارۆڵی ژنی بەهەرەمەند و لێهاتووی، لە خانووی هاوینەی خانەوادەکەی شتاینبێک لە پاسیفیک گرۆڤدا ژیابوون، کە جڤاتێکی کەنار دەریایی هاوسنووری مۆنتێریی بوو. لە نیوەی یەکەمی "دەیە"کەدا، کارۆڵ پچرپچڕ و ناوبەناو کاری دەکرد و جۆنیش دەینووسی و هەردووکیان بە کولەمەرگی بەو دەستمەزدە نەگونجاو و نارێکوپێک و بیست و پێنج دۆلارە هەڵیان دەکرد کە دایبا بە پشتیوانکەرەکانی جۆن مانگانە بۆیان فەراهەم دەکردن. بەڵام بەو چوار هەزار دۆلارەی کە بۆ مافی بەفیلمکردنی

ڕۆمانی "تۆرتێیا فلات" پێی درا، شتاینبێکەکان بۆ یەکەمین جاربوو هەستیان بەوە کرد کە لە نیگەرانییەکانی دارایی ڕەخسیوون. لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی ١٩٣٥ بۆ مەکسیکۆ سەفەریان کرد، مەکسیکۆ ئەو وڵاتەی کە هەردووکیان بە تاسەی ئەوەوە بوون ببینن. چەند مانگێک پاش ئەوە، بە پڕفرۆشیی ڕۆمانی "لە شەڕێکی گومانئامێزدا"، کارۆڵ نەخشەی بۆ یەکەمین خانووی خۆیان کێشا، کە لە لۆس گاتۆس دا بینا بکرێت. کە گوندێک بوو شەست میل دوور، لە نێو دۆڵی سانتاکلارای بە سەوزایی داپۆشراودا جێگیر بوو. بەمشێوەیە ڕۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" یەکەمین کتێب بوو کە شتاینبێک بە هەستێکی هونەرییانەی جودا و سەربەخۆی ئەوەوە دەستی بە نووسینی کرد کە زادەی متمانەیەکی تایبەتی و شەخسی بوو. لە دوا دوایی ساڵی ١٩٣٥یشدا شتاینبێک بۆ ئێلیزابێت ئۆتیسی ئاژانسی ئەدەبی خۆی نووسی و دەڵێت: "لەوانەیە بەم متمانە و زامنییەوە بتوانم کتێبێکی باشتر بنووسم. لەوانەشە نەتوانم. بەڵام بە دڵنیاییەوە پێم دەکرێ ماوەیەکی نەختێک درێژخایەنتر خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم و کتێبێکی وردەکارانەتر و هۆشمەندانەتر بنووسم."

بەڵام بەهەر مەبەستێک بووبێت، کتێبەکە، کە لە خانوویەکی بچکۆلانەی پاسیفیک گرۆڤ دا دەستی پێ کرد و لە نێو بەنگەڵۆیەکی تازەی لۆس گاتۆسدا کۆتایی پێ هات و لە حاڵۆبارێکی ئاسوودە و ئارامدا نەنووسرا. "لە ڕاستیشدا، هەرچەند دانەیەک لە کارەکانی شتاینبێک لە کەش و هەوایەکی ئارامدا نووسرابوون". هەتا کاتێکیش کە زۆر بە باشی بە نێو دەستنووسەکەدا قووڵ بووبووەوە، کەچی هەر بڕوا بەخۆبوونی لەرزۆک و شڵەقاو بوو. هەر زوویش پاش بارکردنیان بۆ خانووە تازەکەیان، لە یاداشتنامەکەیدا نووسی: «ڕۆمانەکە، بڕێک کێشەی ئەوتۆی تێدا هەیە کە چارەسەرکردنیان ئەستەم و دژوارە، بەڵام گەورەترین کێشە، کێشەی چارەسەرکردنی مەیل و ئیرادەیە. پاداشتی کارکردنیش بۆ من گەلێک قێزەوونە، چونکە بە بێ مەیلییەکی زۆر بێ هاوتاوە کار دەکەم. هزر و ئیرادەیش پێویستە سەرلەنوێ کۆسێنترەیەکی مەحکەم و بەجێ بکات.» کە ئەمەیش دانپیانانێکی دڵداخۆرپێنە کە لەلایەن نووسەرێکی سەرکەوتووەوە خرابێتە ڕوو، هەروەکو جاکسۆن بێنسۆنی ژیاننامەنووسی سەرپشک کراوی شتاینبێک یاداشتی کردووە. هەتا کاتێکیش کە لە ڕووی داراییەوە باری مسۆگەر و پارێزراو بوو، شتاینبێک دەربارەی ئەو جۆرە ناوچەیە دەستی بە نووسین کرد کە دەکەوێتە سەر ئاستانەی هەست و هۆشەوە: لە سەرێکەوە لە هونەرەکەی خۆی دڵنیا و لە دەربڕینی خۆیشی خاترجەم بوو، بەڵام لە

سـەرێکی ترەوە لە تواناکـانی خـۆی بەدگـومـان و رارا بوو، لەگـەڵ ئیـرادەیەکی خاوخلیچکیشدا پیۆریتانیانە خەریکی ململانێکردن بوو، پەیدەرپەی لەو یاداشتانەی کە لە کاتی نووسینی رۆمانەکانیدا دەینووسین، دڕدۆنگییەکانی خۆی تۆمار دەکرد و گومانکردنی لە تواناکانی خۆی کەم دەکردەوە، لە خودی پرۆسەی نووسینی وشە سروشدارەکانیشدا وا دەردەکەوێت کە: "چۆنیەتی بەردەوامبوونی ئەمە شتێکی سەیروسەمەرەیە، هەوڵ و کۆششی دەستپێکردنیش، شتێکی سامناکە. بەداخەوە... ئەمە هەمیشە روو دەدات. لە نێو شتەکانی تریشدا هەست بەوە دەکەم کە فرتوفێڵم کردووە و ئەو سەرکەوتنە بچکۆلەیەیشم سەرکەوتنێکی ساختەیە. هەست بەوەش ناکەم کە هیچ بەشێکی لێ باش بێت. هەرهەمووی ساختەیە." ئینجا پاش ئەم برگە جیاکارەیش، دەچێتە سەر دەقی "دەربارەی مشکان و پیاوان" و ئەو ئیرادەگۆڕەکە رێک دەخات و ئاراستەی دەکات و دەڵێت: "هەموو شتێک دەتوانم ئەنجام بدەم ئەگەر ئیرادەم پاک و بێ گەرد و راستەقینە بێت. هەموو شتێک دەتوانم ئەنجام بدەم." لەبەرئەوەیش کە جۆن شتاینبێک وەکو خوێندکارێکی قوتابخانەی ئامادەیی پەیگیر بوو لەسەر ئەوەی کە ببێتە نووسەر و یەکەمین کتێبیشی دوای نزیکەی پازدە ساڵ ئینجا بڵاو کردەوە، نووسین بۆ ئەو مەسەلەیەی دیسپلین بوو، مەسەلەی دانان و وەدیهێنانی کۆڵنەدەرانەی کۆمەڵە ئارمانێک بوو. ئەو پەخشان و نووسینەیشی کە سووک و ئاسان و زۆر روون و ئاشکرا و راستەوخۆ و هەست و سۆزبزوێن بە دیاردەکەوت، لە رێی فێربوون و راهاتنی چەندین ساڵە و ئیشکردنی گەلێک سەخت و دژواری چەندین مانگەوە خرابووە ژێر رێکفەوە. ئەگەرچی نووسین خولیا و عەشق و گوزەرانی شتاینبێک بوو، بەڵام سەرباری گانگەشەیەکی بەردەوامیش بوو. بێگومان هەوڵ و تەقەلا پرۆمیسیۆسانەکانی ئەو بۆ دەستپێکردنی هەر دەقێک دەشێ چەشنی وانەیەکی ئامانجدار بۆ ئەوانە سوودمەند بێت کە دەیانەوێ ببن بە نووسەر. پەخشانی ناوازە رێک و رەوان و مشتومالْکراوی ناو رۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" بە دەستوبرد و پەلە نووسراوە، تاموچێژێکی نایابیش خراوەتە نێو هونەرکارییەکەیەوە و هەروەها چەند رەشکردنەوە یاخۆ چەند گۆڕانکارییەک لە دەسنووسەکەدا کراوە "کە هەر تەنیا بەشێکی فرە کەمی لێ ماوەتەوە". بەڵام شتاینبێک لەگەڵ دەستەبەرکردنی دانپیانان و پێزانینی خەڵکیشدا. هێشتایش هەر بە گومانێکی زۆر ئەشکەنجەئامێزەوە دەربارەی داهێنەریی و خەللاقییەتی خودی خۆیەوە دەینووسی.

ئەی کەواتە بۆچی ئەم رۆمانە قەبارە بچکۆلە و فشەردە و لە رابردوو رامێنەرەی لە نێو بۆتەی مەزنترین تەنگژەی ئابووریدا نووسی؟ من لەو باوەڕەدام کە پاسقی ئەم پرسیارە دوو

بەش بێت ـ یەکێکیان شێوەییە و ئەوەی تریشیان بابەتییە. شتاینبێک بە درێژاییی کار و پیشەی نووسەریی خۆی هەرکتێبێکی وەکو ئەزموونێکی جیاواز، وەکو هەلێک بۆ پەنابردنە بەر بابەتێکی تازە یاخۆ تاقیکردنەوەی کارامەیی خۆی لە شێوە و فۆرمێکی تازەدا، تەماشا دەکرد: چونکە ئەو لە رۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان"دا ژانری تایبەتمەندی خۆی ئەفراند، کە ئەویش ژانری شانۆنامە ـ نۆڤلێتە. شتاینبێک لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٣٦دا نامەی بۆ ئاژانسە ئەدەبییەکانی خۆی نووسی و تێیدا دەڵێت: «ئەو کارەی کە من ئێستاکە مژووڵیم، نە رۆمانە و نە شانۆنامەشە، بەڵکو جۆرە رۆمانێکی شانۆئامێزە. ئەگەرچی لە شێوەی رۆمان نووسراوە بەڵام هێندە دیمەندار و ئامادەکراوە کە دەکرێ رێک وەکو خۆی بەبێ دەستکاریکردن سەرشانۆ بخرێت. وەکو هیچ یەکێ لە شانۆنامەکانی تریش نییە چونکە پەیرەوی پەردە سوننەتییەکان ناکات، بەڵکو لە جیاتی پەردەکان بەش بەکاردەهێنێ. هەروەها دەکرێ وەسفەکانیش لە رێنوێنییەکانی سەر شانۆدا بەکار بهێنرێت... لەبەر ئەوەیش کە خوێندنەوەی شانۆنامە سەخت و دژوارە بۆیە ئەم تێکستە هەروەکو خۆی، هەردوو ژانری رۆمان و شانۆنامەیش پێک دەهێنێت.»

شتاینبێک لە ئاخرئۆخری ساڵانی ١٩٣٠یەکان و ساڵانی ١٩٤٠ەکاندا پێش پۆست و مۆدێرنیستەکان کەوت و بە پێداگرییەکی زیاتر و مەزنترەوە ئەوەی راگەیاند کە رۆمان مردووە، بەڵام شانۆ کە خەریکی "بێداربوونەوە" بوو، شتێکی تازە و گانگەشەئامێز بوو. بەم شێوەیە رۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" لەسەر ترۆپکی دوو ژانردا لەنگەری گرت، کە یەکێکیان مردبوو، ئەوی تریشیان زیندوو بوو. لەوانەشە مەبەستەکانی شتاینبێک پێبەپێی بوونی ئەم خاڵە لە هزردا، بە شێوەیەکی باشتر نرخێندرابن. ئەم شانۆنامە ـ نۆڤلێتە، سرووودی جەماوەریی شتاینبێکە، ئەو تێکستە دوورەک و ئاوێتەیە کە هاوکات دەستە بژێرێک و جەماوەرێکی خۆشەویست پێکرا لە ئامێز دەنێت، رەنگە ئەمیش وەکو دیوانە شیعری "چڵەکانی گیا"ی واڵت ویتمان ژانرێکی تەواو ئەمریکی بێت. ئەو پێی وابوو کە کارەکە زیاتر وەکو رۆمانێک نەک وەکو درامایەک، شیاوتر و درک پێکراوترە و بۆ خوێندنەوەیش ئاسانترە. بێجگە لەوەش. هەروەکو خۆی لە وتارێکدا کە ساڵی ١٩٣٨ بۆ کۆواری "ستەیج" نووسیویەتی تێبینی ئەوەی کردووە کە فۆرمی رۆمانەکە بواری چارەسەرکردنێکی شارەزایانەی کاراکتەر و برگە وەسفییە ناسک وکارامەکانی داوە و واژۆی چاکترین رۆمانیشێتی. هەروەها رۆمانەکە رێگەی بۆ شێوازێکی دەوڵەمەندتر خۆش کرد، کە بۆ شتاینبێک شتێکی "زۆر بە بایەخ" بوو، "تێگەیشتنێکی سەرانسەریی زۆر

کامڵتر بوو" لەوەی کە لە نێو درامادا شیاو و مومکین بێت. لە سەرێکی تریشەوە، "لە شانۆنامەدا، نووسینی لاواز و خراپ ناپەسەند و نەشیاوە." شانۆنامەیەک بۆ جەماوەری ساڵانی ١٩٣٠ یەکان دەرخواستی تەرکیزکردنێکی قایم و مەحکەمی دەکرد - چونکە سەردەمە ناهەموارەکانیش - هەروەکو خۆی لە دەستپێکی یاداشتێکدا کە بەر لە یەکەمین هەوڵی خۆی بۆ شانۆنامەنووسین، نووسیویەتی و ئەو هەوڵ و پارچە نووسینە بڵاو نەکراوانەیش کە بە ناوی "جادوباز"ەوەیە و لە ساڵی ١٩٣٢دا دەستنووسەکەی نووسراوە، دەڵێت: «ئێستاکە ئێمە لە ناو قەیرانێکی ئابووریداین. بۆیە شانۆنامەکەی من هەر تەنیا دوو کاراکتەری سەرەکی و دوو کاراکتەری لاوەکی و دوو کاراکتەری یەدەکی دەبێت.» بێگومان رۆمانی «دەربارەی مشکان و پیاوان»یش دەق بەو جۆرە چڕوپڕ و پوخت کراوەتەوە. بۆ ئەوەیش کە بۆ شانۆ بنووسێت دەبوو زۆر هەستەوەرانە لە جەماوەر بەئاگا بێت، لە پەرچەکرداری هەست و سۆزیان بەرامبەر بە شانۆ بەئاگا بێت و لە ئەزموونی ئەو هەست پێکردنەیش بەئاگا بێت "کە چۆن کەمەندکێشی کردوویتە نێو ئەو گرووپەی کە شانۆگەرییەکە دەنوێنێ" بەم چەشنە ژانرە تازەکەی شتاینبێک بواری ئەوەی بۆ رەخساند کە لە هەمان کاتدا ئەو وردە تەفاسیلانەی دەربڕین بدۆزێتەوە کە لەلایەن جەماوەرێکی خوێنەرەوە بایەخی پێ درا بوو هەروەها وێنەی سەرگوورشتەیەکی ئێجگار بەجۆش و خرۆشیش بۆ بینەرانی شانۆ بکێشێ. ئەو پێی دەکرا لەیەک کاتدا هونەرمەندێکی سیمبۆڵی و پیشەگەرێکی بە زەبتورەپتیش بێت، دەیتوانی هاوکات نووسەری رۆشنبیرە بەرزەکان و کۆمەڵانی خەڵکی ئاساییش بێت. رۆمانی شانۆئامێز - ئەو

سەرجەمی بەرهەمەکانی شتاینبێکیش پێگەیەکی ناوازەیان هەیە، چونکە ئەو بێوچان سەرقاڵی تاقیکردنەوەی ژانر و بابەت و تەکنیکەکانی نووسین بوو

ئەم رۆمانە، هەروەکو دوا ناوی ئەو دوو قەڵەندەرە هەژارە "میلتۆن - سمۆڵ" ریشخەندئامێزانە ئاماژەی پێ دەدەن، بەرپەرچدانەوە و وەڵامی جیهانێکی بچووککراوەیە بۆ داستانی "لە شەڕێکی گومانئامێزدا"،

فۆرمە بوو کە لە دە ساڵی دواتریدا زۆر جار شتاینبێک دەگەڕێتەوە سەری «بۆ نموونە لە ڕۆمانە نابەکامەکانی "خوای نێو پایپەکان" و "مانگ ئاوا بووە" ، "سووتانێکی درەوشەدار"» – کە بۆ برادەرێکی نووسیبووی و دەڵێت: "بۆ بیرۆکەی سەرەکی ڕۆمانەکە ئامرازێکی پڕ بە پێست بوو"، ژانرێکی نموونەییش بوو بۆ ئەو نووسەرەی کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە سۆراخی شێوە و رووکارێکی چڕوپڕ و مانایەکی قووڵدا بوو، ئەو نووسەرەی کە پەخشانێکی ڕێکوپێک و روون و ئاشکرای ئەوتۆی نووسی کە لەسەر چەند "ئاستێک" دا مانای بەرهەم دەهێنایەوە، هەروەکو خۆیشی سەرومڕ لە کتێبەکانیدا تێبینی ئەوەی دەکرد.

ئەگەر ئارەزووی ئەزموونکردنی فۆرم پاش ڕۆمانی "لە شەڕێکی گومانئامێزدا" شتاینبێکی بە ئاراستەیەکی تازەدا بردبێ، ئەوا لەوانەیە ئارەزووی داڕشتنەوەی بابەتی ئەو ڕۆمانە دوورودرێژە هاندەرێکی تر بووبێ، دڵەڕاوکێی کارتێکردنیش، بۆ شتاینبێک مانای ململانێکردنی دەبەخشی، نەک لەگەڵ داهێنانی نووسەرانی تردا، بەڵکو لەگەڵ بەرهەم و داهێنانەکانی خۆیدا. ڕۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" ڕۆمانێکی مەحکەم و فشەردەیە و لە بنچینەدا بەرپەرچدانەوە و پاسڤێکی زۆر تایبەتمەندە بۆ بێ دەسەڵاتیی چینی کرێکاری کالیفۆرنیا، هەروەها لەو جۆرە لێکۆڵینەوە روون و ئاشکرایانەش دەچێت کە زۆر جار پاش تەواوکردنی کتێبە قەبە و دوورودرێژەکانی دەینووسین، وەک بلێیت پێداویستیی بە هەڵسەنگاندن بوو بێت، پێداویستیی بە هێوربوونەوە بووبێت، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە وردی شتەکان ببینێت. ئەو کاتێک کە ڕۆمانەکەی دادەڕشت، ئەوەی بە "بێن ئەبرامسۆن"ی بازرگانی کتێب گوت کە تێکستەکە "قورسایی ڕۆمانی لە شەڕێکی گومانئامێزدا"ی نییە و مەبەستیشی نەبووە ئەو قورساییەی هەبێت. ئەمە جۆرە شتێکی تەواو جیاوازە و ئەمەیش گوزارشتێکی فرە دانسقە و تایبەتمەندە. سەرجەمی بەرهەمەکانی شتاینبێکیش پێگەیەکی ناوازەیان هەیە، چونکە ئەو بێوچان سەرقاڵی تاقیکردنەوەی ژانر و بابەت و تەکنیکەکانی نووسین بوو. ئا بەم شێوەیە، کاتێک کە ڕۆمانی خەبات و کێشمەکێش لێتوژینەوەیەکی تەواو ساز و گونجاوی ئەو کارگەرانە بوو کە لەلایەن ئەو کۆمۆنیستانەی کە ڕێکیان دەخستن و ئەو مەزراگەرانەیشەوە. فێڵ و گزییان لێ دەکرا کە ئیستیغلالیان دەکردن. ڕۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" تۆمارنامەی زیندەگی قووڵ و تایبەتمەندی ئەو کارگەرانەیە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو قوربانییە نەناسراو و بێ ناوانەی نێو کتێبی پێشووترن. ئەم ڕۆمانە، هەروەکو دوا ناوی ئەو دوو قەلەندەرە هەژارە "میلتۆن - سمۆڵ" ریشخەندئامێزانە ئاماژەی پێ دەدەن، بەرپەرچدانەوە و وەڵامی

جیـهـانێکی بچووککراوەیە بۆ داسـتـانی "لە شـەڕێکی گومـانئـامـێزدا"، ئەو پیاهەڵپـژانە سۆسیۆ ـ رامیارییە چارەسـەرنەکراوانەی ناو تێکستی پێشـووتر بەرچاو دەخات، بەڵام هەڵبـەتە مـتووربەکراو بە سـەرگوزەشـتـەیەکی قووڵ و نـاخانە دەربـارەی زویری و دڵشکانی سـایکۆلۆجـیـیـانەی چینی پەڕاوێزخـراو. بۆ ئەوەیش کـە بـە تەواوەتی ئاریشــە و گـرفـتی کرێکارەکان بکاتە ئامانج، شـتاینبێک سەرلەنوێ ئەو دیمەنەی نووسییەوە کە خۆی بەر لە دە ساڵ شایەدحاڵی بووبوو.

ئەوەی کــە بینیــبــووی پێکدادان بوو لە مــیــانی کــرێکارێکی پەشــێــو و ناتەواو و سـەرکارەکەیدا، پێکدادان بوو لە میانی بێ دەسـەڵات و ئیلیتی دەسـەڵاتداردا، ئەوەیش کە بوو بە چڵەپۆپەی رۆمانەکەی شتاینبێک بەرەنگاربوونەوەی نێوان دوو کەسی لە مافبەری و بەشـخوراو بـوو ـ لێنی و ژنە تاق و تەنیـا و بێ کەسـەکەی کێـرلی ـ ئەو کێبـەرکێـیـەی کە مـاناکـەی کـەمـتـر بە هۆی چەوسـانەوە و ملمـلانێی چینایەتییـەوە پابـەند بوو وەک لەوەی بە خـودی مـانا و مـەبەسـتی ئەو چەوسـانەوەیـەوە پابەند بێت. رۆمـانـی "دەربـارەی مـشکان و پیـاوان" پۆرترێتی سـەر سـەدەفی نوێنەرێکی نموونەیی و باڵای قـەڵەمڕەوی چینی کرێکارە، ئەو قـەڵەمڕەوەی کە بێ دەسـەڵاتی خـودی کرێکاران تێیدا پشـێوی و ناڕەحـەتی کۆمـەڵایەتی بەرهـەم دەهێنێت. ئەو جیـهـانەشــە کە بە هۆی کۆنتـرۆڵکردنێکی بچکۆلە و بـەدحـاڵبـوون و بەخـیلی و دڵپـیـسی و دڵڕەقـیـیـەوە کـارلێکی شـەخـسی و تایبـەتی تێدا دیاری کـراوە. ئەو واقیـعە ـ سیاسییـەی کە شتاینبێک لە رۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" دا ئازمـایشی کـردووە، "چەند مـیلێک لە خـوارووی سـۆڵـیـداد" دا رووی داوە ـ سـۆڵـیـداد، کـە وشـەیەکی ئیـسـپـانیـیـە و مــانای تەنیـایی و دوورەپـەرێزی دەگـەیـەنێ ـ ئەو تەنیـایی و تـووڕەییـیـە توندوتیژەیە کە بێئومێدی هێناوێتییە ئاراوە.

هەڵبــەتە، شــتــاینبـێک بـە درێژاییی رۆمــانەکــە پەیدەرپەی ملمـلانێی نێـوان نوخـبــەی دەسـەڵاتدار و بێدەسـەڵاتان دەچەپێنی، کە ئـەم ململانێیـەیش چەقی تێکستی پێشـوویەتی. نیشـانە و هێمایەکانی دەسـەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لە سەرەتا و لە کۆتاییشدا، یان درێژە پێدانن یانێخۆیش سـەرکوتکردنی تووڕەیی کۆمیتەی تاقمی بەرقەرارکردنی ئاسایش و تووڕەیی و دەهریبوونی سـەرکارەکە بەرامبەر بە دواکەوتن و لە کاتی خۆدا نـەگەیشـتنی لێنی و جۆرج و وردە وردە ورووژانی بێزاری وەڕسی کێرلێن.

دیمەنی دەسـتپێک جـەخت لەسـەر ئەم دیاریکردنە دەکات، کاتێ کە شـتـاینبێک هـەردوو

کاراکتەرە بێدەرەتان و بەلەنگازەکەی خۆی لەو دیمەنەدا بە دیار دەخات کە هەم نزیکییان دەگەیەنێ لە سروشتەوە و هەم بێبەریبوونیشیان دەگەیەنێ لە هەموو هێز و دەسەڵاتێکی راستەقینە. سەرەڕای ئەوەش کە پەرەگرافی بێ رادە ورووژێنەری یەکەم، تێبینی ئەوە دەکات کە "شاخە سەخت و دژوارەکانی گابیلان" لە سەرووی رووتەنییەکەوە شەقڵ دەگرن ـ ئەو شاخانەی کە بە درێژاییی بەشی یەکەم و بەشی کۆتاییی روناکی خۆرئاوابوون بۆ خۆیان کەمەندکێش دەکەن ـ چاومان وا لێ دەکەن لەسەر ئەو شوێنەی قەراخی رووباری سالیناسدا سەقامگیر بێت کە تاریکایی دای دەگرێتەوە، چاومان وا لێ دەکەن لەسەر ئەو گۆماوەدا چەق ببەستێ کە ژیان بۆ ئانوساتێک سەر رووی ئاوەکەی دەکەوێت و دواجار دیسانەوە نوقمی قووڵاییەکان دەبێت. رۆمانەکەیش وەکو چۆن رۆشنایی پەیتا پەیتا کز دەبێت و ژیان و چالاکیش هەڵدەلووشرێت، ئاوەها بە پێچ و لوولخواردنەوە دەچێتە نێو تاریکایی. بۆ چرکەساتێک، بەر لەوەی جۆرج و لێنی بە نێو بێشەڵانەکەدا رابوورن، شتاینبێک کردارەکە رادەگرێت و ئەم کۆنسێنترەیە لەسەر ئەو سپەیسە دیاری کراوەدا بە تینوتاو و چڕوپڕتر دەکاتەوە. بێدەنگییەکانی سەرانسەری دەقەکە – بە تایبەتیش پاش کوژرانی ژنەکەی کێرلی لە نێو تەویلەکەدا – خوێنەر لە نێو شوێنە دژوارەکاندا بەگیر دەهێنێ. ئەگەرچی هەندێک لە رەخنەگرەکان لەگەڵ ف. ف. کاڵڤێرتۆن دا "بنیاتی دەستکرد و رق هەڵسێنی گرێچنەکە" یان رەت کردەوە، بەڵام زۆربەیان درکیان بەوە کرد کە بنیاتی درامیی پەیجۆری چڕیی و فشەردەیی دیمەن و مانایەک دەکات کە دنیا دیاری دەکات. دیمەنە مەحکەم و پتەوەکانیش فریوخواردن و ناچاربوونی مرۆڤەکان دەردەخەن. ئەم لێکۆڵینەوە ورد و سەخت و

رۆمانی " دەربارەی مشکان و پیاوان" رۆمانێکی مەحکەم و فشەردەیە و لە بنچینەدا بەرپەرچدانەوە و پاسڤێکی زۆر تایبەتمەندە بۆ بێ دەسەڵاتیی چینی کرێکاری کالیفۆرنیا

کاتێکیش کە شتاینبێک لە دوا دوای هاوینی ساڵی ١٩٣٦ دا رۆمانی " دەربارەی مشکان و پیاوان" ی بۆ ئاژانسە ئەدەبییەکانی خۆی رەوانە کرد، بە قەبارە و درێژییە سنووردارەکەی تووشی نائومێدی بوون

چەقبەستووە هەروەکو شتاینبێک خۆیشی دانی پیادا نا، "دژوارە" دەستگیرۆیی ئەوەی کرد کە ئەوە دەربخات کە کرێکارەکان نەک لە رێی ململانێی دەرەکییەوە خۆیان وێران و نابووت دەکەن بەڵکە لە رێی بێزاری و وەڕسی خودی خۆیانەوە خۆیان لەبەین دەدەن. ئەو پێچ و لوولخواردنە روو لە خوارەوەیەی کە گەلێک لە ئاوارە و گەرۆکەکان لە ژیانی خۆیاندا ئەنجامیان دا جارێکی تر بە خەیاڵ لە نێو پەرچەکرداری دژواری میان کاراکتەرە سەرەکییەکاندا خولقێنرایەوە.

کاتێکیش کە شتاینبێک لە دوا دوای هاوینی ساڵی ١٩٣٦ دا رۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" ی بۆ ئاژانسە ئەدەبییەکانی خۆی رەوانە کرد، بە قەبارە و درێژییە سنووردارەکەی تووشی نائومێدی بوون. ئەویش لە وەڵامدا بۆی نووسین: "جێی داخە کە کتێبە تازەکەم لە ناوەرۆک و بابەتدا هێندەی ئەو گەورەییەی کە دەبووایە ببێ بەدی ناکەن. لەوانەیە من بابەتەکانی خۆم و رەمزەکانی خۆمم روون و ئاشکرا و بە باشی دەرنەخستبێ. مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی بچووککراوە تا رادەیەک دژوارە و وا دیارە نەمتوانیوە بەرزەفتی بکەم ـ تاسە و پەرۆشییەکانی لێنیش بۆ خاک و زەویوزار، ئەو لێنییەی کە بە هیچ شێوەیەک دەربڕ و نوێنەری شێتیی نەبوو بەڵکو دەربڕ و نوێنەری تاسەو ئارەزووی بەتین و هێز و لە فامبەدەری هەموو پیاوێک بوو." ئەگەر تێگەیشتن سنووردار بێت. ئەوا هەڵبەتا ماناکانیش سنووردارن، هەروەکو شتاینبێکیش دەرکی بەوە دەکرد کە ئەمە شتێکی گشتگیر و شموولییە. چونکە بەرامبەر بە تەنیایی و نامۆیی هەرنەگونجان و کەموکورتییەک لە نێو رۆمانەکەدا – بەرامبەر بە، شەل و گۆجێک، پیاوێکی رەشپێست، ژنێک، جورجی چکۆلانەو گزگل و لێنی شێرئاسایش «کە یەکێکە لەوانەی کە خوا بە تەواونەکراویی بەجێی هێشتوون، هەروەکو شتاینبێک خۆیشی لە رۆمانی پاوانەکانی بەهەشتدا بە کەودەنییەکی ناوازە و خەللاق وەسفی دەکات» – دۆستایەتی و خەونی لینی و جۆرج هەیە. تایبەتمەندێتی و خەسڵەتی ئەو دۆستایەتییە شپرزە و سەرەڕای ئەوەش بێباک و پڕ ئیرادەیەی کە بە دەستەواژەی رۆبەرت فرۆست "ئەو هەڵوەستە و ناوبڕە کورتخایەنەیە دژ بە سەرلێ شێوان و ئاشیفتە بوون" کە لە دنیایەکی دڕندە و بێ بەزەییدا بوون مانادار دەکات. بێگومان ئەگەر بوون ئاوا بەخێرایی رابووڕێت. پێوەندیی نێوانیان بە شێوەیەکی بەربڵاو سیمبۆڵییە، پۆتانسییەڵی مەجازیشیان، هەروەکو پیتەرلیسکا دەڵێت: "هەر تەنیا بە هۆی کارامەیی جەماوەری "موتالاکەرەوە" دیاری کراوە." بە هەرحاڵ لە نێو رۆمانەکەدا، حاڵیبوون لە وابەستەبوونی هاوسوودیی هەردوو لا زۆر ئەستەمە. ئەوی راستی بێت دوا

دێر هینی کارڵسۆنه، ئەو پیاوەی کە خاوەنی دیدێکی نزیکبینیی ئەوتۆیە کە رەنگە نەتوانێ لەو زنجیرە رووداوە تێ بگات کە دەبێتە هۆی دەرچوون و رۆیشتنی دوایینی جۆرج و سلیم، کە دەڵێت: "دە بۆ خاتری خوا... پێم بڵێ: ئا ئەمانە چییان لێ بەسەرهات؟ تەواو وەکو کۆتاییی رۆمانی "بیلیی بەدد" ـ کە تا ئەندازەیەک بوونی ناوازەی بیلیی بۆ چەکامە و پەخشانی رۆژنامەوانی پەرچڤە کرابوو ـ نزیکبینیی کارڵسۆنیش هەر بەو شێوەیە پێویستە لەلایەن تێگەیشتن و حاڵیبوونی خوێنەر خۆیەوە بەرکەماڵی پێ بدرێت. "ئەو شتەی کە رووی دا" لەوەدا یەکالا نەکراوەتەوە کە دواتر کاراکتەرەکان چی ئەنجام دەدەن، یاخۆ لە فرماندا یەکالا نەکراوەتەوە کە بەسەر ژیاندا سەپێنراوە. بەڵکو لە راستیدا لە دەرک پێکردن و تێگەیشتنی خوێنەر بۆ ئەو خواستە بە وەدی نەهاتن، مەحکوومەی لێنی و جۆرجدا یەکالا کراوەتەوە.

ئەو خواستە، بە دۆستایەتی و خەونەکەیان شەقڵی گرتووە. ئەو تایتڵەی کە سەرەئەنجام شتاینبێک بۆ رۆمانەکەی هەڵی بژارد جەخت لەسەر لە پێشبینی بە دەربوونی بوون و ئومێدی بوون دەکات، خەونی بابردەڵە و بە زایەچووی لێنی و جۆرجیش بۆ "ژیان وەکو خوا پێداوان بە بەروبوومی زەویوزار" لە شیعرێکی رۆبەرت بێرنسەوە وەرگیراوە و تایتڵی رۆمانەکەیش تایبەتمەندێتی و خەسڵەتی گۆڕەکی "بەرنامە زۆر باش داڕێژراوەکان" نیشان دەدات. شیعرەکە باس لە مشکێکی کڵۆڵ و بەلەنگازی نێو دەشتودەر و کێڵگە دەکات، کە گاسن مەئواو پەناگاکەی تەخت و خاپوور کردووە:

بەڵام، مشکۆڵە، تۆ ئەو رێیە نیت

کە رەنگە بۆ سەلماندنی پێشبینییەکانی بێهوودە بێت:

ئەو بەرنامە زۆر باش داڕێژراوانەیش نیت

دەربارەی مشکان و پیاوان

کە لەودیووی شادییەکدا گەلە کۆمە دەبەستن و

هیچ شتێک بۆ ئێمە جێ ناهێڵن

بێجگە لە ئازار و ماتەم، ئەویش

لە بریی ئۆخژن و شادییەکی گفت پێدراو.

هەروەکو چۆن لە سەرەتا و کۆتاییشدا بە تەواوەتی راڤە کراوەتەوە، خەونەکەیان شانۆنامەیەکی کورتە لە نێو شانۆنامەیەکی درێژتردا، لەگەڵ ئەوەی کە جۆرجی ئەکتەری

خووڕەوشت باش دێرەکانی ڕۆڵەکەی خۆی لەبەر دەڵێتەوە و لێنیش جەماوەری شێت و شەیدا و ئەفسوونکراوێتی. هەریەکە و ڕۆڵی خۆی هەیە و لەو بە ئەزبەر خوێندنەوەیەی کە ئابڕوویەکی شکۆمەندانە بە هەردوو قەلەندەرە هەژارەکە و کتێبەکە خۆیشی دەبەخشن. سەرەتا بەوە دەچوو کە ئەو دیدە مەحاڵ بێت کە هەر تەنیا لە هزردا بوونی هەیە، هەر تەنیا لەو وشە وێرد ئاسا ئەفسووناوییانەدایە کە جورج بۆ لێنی دووپاتیان دەکاتەوە. بەڵام بوون بە خاوەن زەویوزار دەبێتە ئەگەرێکی ڕاستەقینە. کاندی پارەی هەیە. جۆرج شوێنەکەی هەڵبژاردووە و هەرچوار کرێکارە پەرۆشەکانیش کارەکانی ڕۆژانەیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە. ئەمە لەوانەیە هاونزیکبوونی ئەو بڕیار و سووربوونە بێت کە ئەو دید و ڕامانە دروست دەکات، دەقەکە خۆیشی، لە ڕاستیدا نزیکەی هەرهەموو کتێبەکانی شتاینبێک، بە شێوەیەکی هەمەگیر و لە ئاستێکی جیهانگەرادا سەرنجڕاکێشە. لە ساڵی ١٩٢٤دا شتاینبێک بۆ هاوڕێیەکی کۆلێژی نووسیوویەتی و دەڵێت: "یادەوەرییەکانی زۆر زووم لەبارەی دایکمەوەن، کە پێی دەگوتم چۆن چۆنی پیاوان دەتوانن ببنە بوونەوەری جیلوەدار و درەوشاوەی خاوەن باڵی سپی گەورە گەورە و هەرهەموویشی لە ڕێی وتنی وێرد و ستایشی سادە و ساکارەوە دەهاتە دی." تا ڕادە و پلەیەکی گەورەتر یاخۆ بچووکتر. پاشماوەی گوشار و کاریگەریی ئا ئەو ڕۆمانسییەتە سەرتاسەری کارەکانی شتاینبێک، بەتایبەتی ڕۆمانەکانی سەردەمی تازەکاریی ئەویان شەقار دەکرد. سەرگورووشتەی ساڵانی زووی ژیانی نەخشەی وردە وردە بەرزبوونەوەی توانای ئەویان دەکێشا، پتر بۆ بەکارهێنانی نەک بۆ ئەوەی لەلایەن ئەو مەیل و هەوەسە ڕۆمانسییەوە کۆنترۆڵ بکرێت. لە ساڵی ١٩٣٦دا لە ڕۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان"، کە گەلێک لە ڕەخنەگرەکان بە باشترین ڕۆمانی ئەو لە قەڵەمیان دا، نووسەر بەسەر پیشەکەی خۆیدا قەڵەمڕەوی پەیدا کرد و بۆ بیروباوەڕە پتەو و ڕوختەکەی خۆی دەنگێکی، نەک لە ناو پێشکەوتنی مرۆڤ، بەڵکو لە پۆتانسیەڵی مرۆڤدا بۆ خۆی دۆزییەوە.

کۆڤیچی ـ فرێدی لە بیست و پێنجی شوباتی ساڵی ١٩٣٧دا ڕۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان" ی بڵاو کردەوە، هەر کۆپییەکیش نرخی دوو دۆلاری لەسەر دانرابوو. هەر دوای ئەوە لە مانگی ئازاردا بوو بە هەڵبژاردەی یانەی کتێبی مانگ و بە خێراییەکی بێ ڕادە دەفرۆشرا "تێکرای فرۆشی لە مانگی یەکەمدا هەزار کۆپی بوو لە ڕۆژێکدا" و هاوشانیش لەگەڵ کتێبی «چۆن هاوڕێ پەیدا دەکەیت و کار لە خەڵک دەکەیت و ڕۆمانی لەگەڵ بادا ڕۆیشتوو» دا کەوتە لیستی پڕ فرۆشترین کتێب لە سەرتاسەری وڵاتدا و بە ڕوختەیی و

قایمی شۆرەتی دەرکەوتووی شتاینبێکی دامەزراند.

ڕەخنەگرانیش کتێبەکەیان بە پەرۆشییەکی جیهانگەراوە خوێندەوە. هێنری سیدال کابنی لە کۆواری ساتردەی ریڤیوودا نووسی: «ڕۆمانی دەربارەی مشکان و پیاوان، دەبێ هەموو کەسێک خۆشنوود بکات، چونکە هەموو ڕەگەزێکی چیرۆک گێڕانەوەی پەسند و باشی تێدایە و هەروەها... زۆربەی ڕۆمانە سەرکەوتووەکانی ئەم سالانەی دواییمان، هەر کرۆک و گەوهەرێکی هونەرییان هەبووبێت، بەوە سەرکەوتووبوونە کە سنووری زۆربەی یاساکانی هونەری چیرۆک گێڕانەوەیان بەزاندووە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئایدیۆلۆجیا و تەووژمی هۆش، یاخۆ رەفتارگەرایی بکەن.» شتاینبێک بەوە ستایش کرا کە نووسەری پرۆلیتارییایە و «لە وێناندنی پیاوی بچکۆلەیشدا مروەتێکی تایبەتمەند و دەگمەنی هەیە.» لویس گانێتیش نووسی: «ئەوە سۆز و بەزەیی خۆیەتی کە جۆن شتاینبێکی هونەرمەند زۆر بە توندی لە هەموو ئەو وێنەگرە واژەیی و زمانەوانییە بچکۆلانە جیا دەکاتەوە کە... لە نێو بۆتەی کتێبانداا بەیەکدا دەچن و دەئالۆزێن.» ئەو هاوینە "ڕۆمانی شانۆئامێز" کە لەلایەن تیاتەریوونیەنی سان فرانسیسکۆوە نووسرابوو نوێنرا، نواندنی بەرهەمەکە لە بیست و یەکی مایسی ساڵی ١٩٣٧دا بۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنە پەسند و لایەگرەکان کرایەوە و بۆ دوو مانگ بەردەوام بوو. بە هەرحاڵ. ئەزموونی شتاینبێک وەکو فیلمنامەیەک لەگەڵ ڕۆمانەکەدا، پێویستە بە بۆرخواردوو لە قەڵەم بدرێت، بەڵام ئامادەکردن و رێکخستنیشی بۆ شانۆیەکی مەزنی نیویۆرک بایەخ و زەرووڕەتی کارەکەی سەلماند. کاتێکیش، چەند هەفتەیەک پاش بلاوبوونەوەی ڕۆمانەکە، جۆرج کۆفمان خولیا و حەزی بەرهەمهێنانی "دەربارەی مشکان و پیاوان"ی لەسەر شانۆی

ڕەخنەگرێک بۆ "کاتۆلیک وۆڵد" نووسیوویەتی و دەڵێت: "چەند لاپەڕەیەکی سەرەتا کتێبەکە هێندە منیان پەرێشان و نەفرەت ئەنگێز کرد کە چی تر بەرگەی ئەوەم نەگرت شەو کتێبەکە لە ژوورەکەمدا بهێڵمەوە."

"برۆدەوەی" دا دەربڕی. بۆ شتاینبێکی نووسی و پێشنیازی چەند گۆڕانکارییەکی کرد و گوتی: "پێویستە ژنەکەی کێرلی زیاتر بەرجەستە بکرێت، چونکە هێزی بزوێنەری تەواوی شتەکەیە و دەبێ گەورەتر دەربخرێت. لە سەرووی هەموو شتێکیشەوە پێموایە زۆر گرینگترە ئەگەر شەڕەکەی کێرلی ـ لێنی بە هۆی ژنەکەوە روو بدات." لە کاتێکا کە پێشنیازەکانی کۆفمان سووکایەتییان بە بەرکەماڵیی ئەو دەقە زۆر ناتۆڕاڵیستیە دەکرد کە تێیدا تاقە کەسێک بە تەنیا بەرپرسیاری دەرەنجام نییە، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوەیشدا شوناسی ئەو کاراکتەرە دیاری دەکات کە لەگەڵ کرووکس و کاندیدا جوغزی تاق و تەنیایی تەواو دەکات، ئەو ئافرەتەی کە وزە و توانا رکێف نەکراوەکەی هەر تەنیا لەو رۆڵەدا شەقڵ دەگرێت کە رۆڵی تیز پێکردن تامەتامیی پێ کردن و تەنگ پێ هەڵچنینی سێکسییە.

"ئافرەتەکە، بەبێ چەند و چوون و هەرگیز سۆزانی نییە، یاخۆ بەپێی قسەی جۆزێف ورد کرۆچ، "حیشەریی" نییە." لە نێو رۆمانەکەشدا کاتێک کە ئیتر ئەو ئافرەتە "سەربووردەکەی خۆی" بە "تاسە و سۆزی گەیاندن و تەماسەوە" بۆ لێنی دەگێڕێتەوە، شتاینبێک بە نەرم و نیانی و ناسکییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. هەرچی چۆنێک بێت، ئەمە کە دووبارە لەلایەن شتاینبێک و کۆفمان نووسرایەوە، ئیتر ژنەکەی کێرلی بە شێوەیەکی باشتر و روونتر ئەو پووچی و بێ هوودەییەی دەربڕی کە تەقریبەن لەلایەن هەموو کاراکتەرەکانەوە سڵی لێ دەکرایەوە: "بێگومان من مێردم هەیە،" ئەمە، لەو گفتوگۆیەی کە دەستبەجێ، دوا بەدوای کوشتنی سەگەکەی کاندی خراوەتە سەر دەقەکە بە جۆرج دەڵێت: «بەڵام هەرگیز لە ماڵ نییە. کەس نییە لەگەڵیدا قسە بکەم، کەس نییە لەگەڵیدا بم. تۆ لەو بڕوایە دایت کە من بتوانم تاق و تەنیا لە ماڵەوە دابنیشم و هیچ شتێک نەکەم و هەر تەنیا چاوەڕوانی کێرلی بم؟ دەمەوێ یەکێک ببینم. هەر کەسێک ببینم و لەگەڵیدا قسە بکەم لێرە ئافرەت نییە، منیش پێم ناکرێ بچمە ناو شار..." لە دواپەردەی شانۆگەرییەکەیشدا شتاینبێک خەونەکەی ئەوی متوورفەی دەستنووسەکە کرد، کە خەونێک بوو هەروەکو خەونەکەی لێنی و جۆرج ئاسایی بوو:

"کاتێ کە ئەو پیاوە دەیویست من بخاتە فیلمەوە، بیرم لە گریتا گاربۆ کردەوە.کچێکی هاوڕێم هەبوو ئەویش دەیویست وەکو گریتای لێ بێت. بەڵام گریتا هەمیشە دەوڵەمەندە، منیش وام پێ چاکترە کە وەکو جەوان بلۆندێلم لێ بێت، کە هەمیشە هەژار و نەدارە و دیدار و بەرخوردی پیاوێکی بە لەنگازیش دەکات و عاشقی یەکتری دەبن...» ئەو، دەق وەکو ئەوانی تر، ئاتاجێکی سادە و بێ رتووش بەرجەستە دەکات، بۆ جێگەیەک، بۆ پلەوپایەیەک

کە لەلایەن رۆڵ بینینێکەوە پێی بەخشراوە. هەر تەنیا سلیمی شکۆداری لێ دەرچێت ـ کە پیاوێکە خاوەنی پلەوپایەیەکی بەرزە، پیاوێکە خاوەنی بیروڕایەکی قایم و رووختەیە ـ ئیتر هەر هەمــوو ئەوانی تر منەی شـــەقڵ بۆ ئەو ژیانەیان دەکـەن کــە وەکی تر بێ شـــەقڵ و نارێکوپێکە.

جۆن مەیسن براون نووسیوویەتی و دەڵێ: رۆمانەکەی شتاینبێک لە سەر شانۆدا "وەکو هەست و سـۆز بزوێنترین بەیاننامەی ئەو تاق و تـەنیاییـیەی مرۆڤ بە دیار دەکـەوێت کە شـانۆی هاوچەرخـی ئێمــە بەرهـەمی هێناوە." بروکس ئاتکینسنیش لە نیـوریۆرک تـایمز رێڤـیوودا رای گەیاند کە: "هونەر و تایبـەتمەندێتی سـروشت بەزێنی چیـرۆکەکە، لـەسـەر شـانۆ و بە چاپکراویش، بەرکەماڵی عـاتیفی و لیریکی هـەر هەموو مـاتێریـاڵە بەراییەکانە." زۆربەی رەخنەگرانیش سـتـایشـی شـەفافـیـیەت و ویژدان و ئیرادەداریی وا قـیـعـیـیـەتی کـارەکـەیان کرد. دەسـتـپێکردن و نواندنی کـارەکەیش لە ٢٣ی نۆڤـەمـبـەری سـاڵی ١٩٣٧ لەسـەر شـانۆی میوزیک بۆکسدا، شـانۆگـەری "دەربارەی مشکان و پیـاوان"ی کۆفمـان کە والاس فـۆرد دەوری جـۆرج و برۆدرێک کـراوفـۆرد دەوری لێنی و کلەیر لیـووس دەوری ژنەکەی کێرلی و وێل گییر دەوری سلیمیان تێدا بینی" دەستبەجێ خەڵاتی "نیویۆرک دراما کریتیکس سێرکڵ"ی هەمـان ساڵی بۆ خـۆی بەرزەفت کرد. "تەنیا یەکێک نەبێت لەو شـانزە ئەنـدامـە دەنگدەرە، ئەگـینا ئەوانی تر هەر هـەمـوو دوا بەدوای دەسـتـپـێکردنی نمایشی شـانۆگـەرییەکە، سـتایشێکی دەمـودەستانەی شـانۆگەریی "دەربارەی مشکان و پیاوان" یان کرد و هەمـەگی پەسەندیان کرد. شانۆگەرییـەکە دوو دانە کێبەرکێکەری ئێجگار پێشوازی لێ کراوی وەلاوە نا، کە یەکێکیان شـانۆگـەری "شارەکەی ئێمە" ی تۆرنتن وایلدەر بوو کە «خـەڵاتـی پۆلیتـزەری باشـترین شـانۆگـەری دەسـتـەبەر کردبوو» و ئەوی تریشـیـان "کورە زێڕینەکە"ی کلیفۆرد ئۆدیتز بوو. شانۆگەرییەکەی کۆفمان کە بۆ ٢٠٧ جار نواندن بەردەوام بوو بێ کەم و زیاد بەقـەدەر رۆمانەکە خـۆی و نوسخـەی دەسـتکاریکراوی فیلمەکەی لویس مایەڵستۆن کە لە ساڵی ١٩٣٩ دا بڵاوکرایەوە «کە هـەروەکو "تییـاتەر ئارتیس" نووسیـوویـێتی و دەڵێت: "سـەرسامکەرانە لە روحییـەت و شێوازێکی بێ خـەوش دابوو"» شـۆرەت و ناوبانگی بە شتاینبێک بەخشی.

هـەروەها هـاوکـات بۆ نووسـەرەکـە و تێکسـتـەکـەیش بەدنـاوییـەکی بـێ ڕادە و بەربڵاوی دەسـتـەبەر کرد. رەخنەگرێک بۆ "کاتۆلیک وۆڵد" نووسـیوویەتـی و دەڵێت: "چەند لاپەڕەیەکی

سـەرەتا کتێبـەکە هـێندە منیـان پەرێشـان و نەفرەت ئەنگێز کرد کە چی تر بەرگەی ئەوەم نەگرت شـەو کتێبـەکە لە ژوورەکەمـدا بهێڵمـەوە." سـتاسیۆنی پۆلیسی پرۆڤیـدەنسی رۆد ئایلاندیش لە مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٣٩ دا ئـەوەی رەت کـردەوە کـە مـۆڵەت بە شـانۆگـەرییـەکی ئاوا "سـووک و چرووک" بدات. لە مـانگی شـوباتی سـاڵی ١٩٤٠یشـدا، فیلمەکە لە ئوسترالیا قەدەغە کرا. لە کانوونی یەکەمی هەمـان ساڵیشدا، نیۆیۆرک تایمز رای گەیاند کە لە ئێف تی. مەک کلیلان لە ئالاباما، "کەشیشـەکان، بەرامبـەر بەوەی کە فیلمی "دەربارەی مـشکان و پیاوان"ی "مـایەڵسـتۆن" لە ئێـوارەی "کریسمـەس" دا پیشـان بدرێت، نارەزاییـیـان دەربڕی و بەبێ بینینی و پێش وەخت وەکـو شـتـێکی "ترسـناک و فەسادئامێز مەحکوومیان کرد لە دەرەنجامی ئەوەیشدا مەیجەر جەنەراڵ هاسکێل فەرمانی ئەوەی دا کە پیشاندانی فیلمەکە ئیلغا بکرێتەوە." کتێب و شانۆگەرییەکە و فیلمـەکەیش – کە بە خێرایی یەک بەدوای یەکدا هات ـ تا رادەیەک گەلێکیان لە خەڵکی ئەمریکی نیگەران کرد، چونکە ئیمـان و بڕوای میللەتەکەیان بەخەونێکی جادوگەرانە، بەدەستپێکردنێکی تازە و ماڵێکی پۆشتـە و رێکوپێک، وردوخاش کرد. تا رادەیەکیش دایەلۆگە ناتۆراڵیستییـەکەی شتاینبێک خەڵکی رەنجاند و بەردەوامیش بوو لە خەڵک رەنجاندن "چونکە رۆمانەکە یەکێک بوو لە و رۆمـانانەی کە جـار دوای جـار لەلایەن ئەنجـوومەنی قوتابـخانەکانی سـەرانسـەری وڵاتەوە قەدەغە بکرێت". دێرەکانی، تەنانەت هەتا ئەو دێرانەیشیان کە بە دیقەت و ئاگاوە بۆ سەر شانۆ و بۆ ناو فیلمەکەش سانسۆرکراون، بە هێز و مەحکەمن. کەچی وێڕای ئەوەیش شـتـاینبـێک لە رۆمـانی "دەربارەی مـشکان و پیـاوان" دوو سـاڵ دوای ئەویش لە رۆمـانی "هێشـووەکانی تووڕەیی" دا پەیگیرانە و جەختکەرانە بەرگریی لە دایەلۆگەکانی خۆی کرد، شـتـاینبـێک لە دوا دوای سـاڵی ١٩٣٩یشـدا بۆ دایکی تەعـمیدیی خۆی نووسی و دەڵێ: "ماوەیەکی درێژخایەنە زوبانی کتێبان لەگەڵ زوبـانی پیاواندا جیاوازە. بۆ پیاوان، نووسین دەربارەی کـفـربێـژیی، زەخـرەفـە و رازاندنەوەی نێـو دەقـەکـانە و هـەرگـیـزیش رەمـەکی و بازاڕییانە نییە و سـەرومڕیش تەقەللا دەدەم هەر بەو شێوەیە بینووسم." ئەگەرچی سەخت و کێشەئامێزە، بەڵام لیریکییە، ئەگەرچی ریالیستییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا سمبۆڵییە: ئەم پەیڤانە وەسفی هەردوو ئەو پەخشانەی کە شتاینبێک لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٣٠یەکاندا بەرکەمـاڵی پێ بەخشی و ئەو دنیابینییـەیش دەکەن کە نـاسـەقـامگیـرترین سێینە رۆمـانی ئەویان بەرهەم هێنا کە ئەوانیش: لە شەڕێکی گومانئامێزدا و دەربارەی مشکان و پیاوان و هێشووەکانی تووڕەیین.

کاریگەریی رۆمانی "دەربارەی مشکان و پیاوان"نیش، لەبەر سەرکەوتنی وەکو کتێب و شانۆگەری و فیلم لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەمریکیدا ناوازە و بێ هاوتایە. رەنگە ئەو کاریگەرییەیش بە باشترین شێوە بەو ئیقتیباسە پوخت و خۆلاسە کرابێتەوە کە لەلایەن خەلاتی دراما کریتیکس سێرکلەوە خراوەتە روو. ئیقتیباسەکەیش دەڵێت:"لەبەر هێز و توانای راستەوخۆ و حاڵیبوون و دەرککردنی بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتێکدا کە راشکاوانە لە نێو ژیانی ئەمریکیدا رەگاژۆیە: "لەبەر چارەسەرکردنی کالیتە و تایبەتمەندێتی جیدی ئامرازەکانی رۆمانەکە، لەبەر رەتکردنەوەی ئەوەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیە وا لێ بکات کە دەربارەی تاق و تەنیایی و بێبەربوون و ناکامییەکی کارەساتبارانەی هەرزانبەها یاخۆ کاریگەر و مەزن بێت، ئینجا لە کۆتاییشدا، لەبەر سادەیی و هێز و چڕوپڕی و بەردەوام هەڵکشانی کارکردن دەقەکە لەسەر شانۆدا"

لەوانەیە ئەم وشانە زۆر بە باشی بتوانن ببنە ئیقتباسێک بۆ خزمەتکردنی روونترین و راشکاوترین رۆمانی جۆن شتاینبێک.

بە ناوی پێشەکی:

* ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەم رۆمانە نووسراوە من ئەم تایتڵەم بۆ ئیزافە کردووە.

پەراوێزەکان:

(١) کەننەری: کۆمپانیای لە قوتوونانی ماسی و خۆراک و ئەو شتانە - وەرگێڕ.

(٢) procrust: دزێکی ئەفسانەیی گریکی بوو لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆیدا قوربانییەکانی دادەنا و بە گوێرەی ئەوە درێژییانی دەگونجاند. یاخۆ قاچەکانی دەبڕینەوە، یان رای دەکێشان تاکو لەگەڵ پێخەفەکەیدا هاودرێژیی دەبوون. وەرگێڕ.

* سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

JOHN STEINBECK
OF MICE AND MEN
penguin classic's
LONDON 2000.